
# (هاوڕێنامە) لە گەورەبوونێکی بەردەوامدایە

30-06-2025

بەشی بکە لە

زیادی بکە بۆ لیستی دڵخوازەکانم




بەرگی کتێبەکانی هاوڕێنامە

زۆرتر لە ئەدەب

**کۆمەڵە شیعرێکی عەبدوڵڵا پەشێو وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی فەرەنسی**
**(https://www.rudaw.net/sorani/culture/literature/02072025)**

**کۆبەرهەمی "مەلا جەمیل رۆژبەیانی" چاپ دەکرێت**
**(https://www.rudaw.net/sorani/culture/literature/23062025)**

**براوەی خەڵاتەکانی 'قەڵەمی هەژار' ڕاگەیێندران**
**(https://www.rudaw.net/sorani/culture/literature/30052025)**

**دوو کتێب لە بارەی عەونی ـی شاعیرەوە بڵاودەکرێنەوە**
**(https://www.rudaw.net/sorani/culture/literature/29042025)**

A+ A- گوێی لێبگرە

**ڕووداو ـ سلێمانی**

**پەرتووکی (هاوڕێنامە) وەک کرۆنۆلۆژیای ڕووداوەکانی کوردستان و کورد، لە زۆربوون و گەورەبوونێکی بەردەوامدایە. لە چاپی دووەم دا بە 10 بەرگ چاپکرایەوە لەلایەن چاپخانەی چوارچرا لە سلێمانی. لەم چاپەدا ڕووداوەکان کیوئارکۆدیان بۆ دانراوە بۆ ئەوەی خوێنەر زانیاریی زیاتر لەسەر هەر ڕووداوێک لە کوردیپیدیاوە وەربگرێت.**

(هاوڕێنامە) کە کۆکراوە و کرۆنۆلۆژیای ڕووداوەکانی کوردستان و کوردە لەبەر لە زایینەوە تاوەکو ئێستا، لەلایەن هاوڕێ باخەوان نووسراوە و ئامادەکراوە.

هاوڕێ باخەوان، دەرچووی بەشی یاسای زانکۆی موسڵە، ماوەیەک کادیرێکی ڕێکخستنە نهێنییەکانی پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک) بووە، ئینجا لە نیوەی دووەمی هەشتاکان چووەتە شاخ و بووەتە پێشمەرگەی پاسۆک تاوەکو لە ساڵی 1992 چووەتە هۆڵەندا، لەوێ وەک لێکۆڵینەوە لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان کاری کردووە تاوەکو کاتی خانەنشینبوونی لە دادگای تاوانەکانی جەنگی یوگسلاڤیای سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کاری کردووە.

هاوکات لەگەڵ کارەکەی، بەردەوام ڕووداوەکانی کوردستانی کۆکردووەتەوە، لە ساڵی 1999 دەزگای چاپی سەردەم (هاوڕێنامە)ی چاپکرد و دواتر لە بازاڕ کێشرایەوە و دواتر خرایەوە بازاڕ و لەلایەن کتێبفرۆشەکانەوە زۆری لێ چاپکرایەوە بەهۆی زیری خواست لەسەری. هاوڕێ باخەوان دەڵێ " هاوڕێنامە هەر زوو ناو و دەنگی پەیداکرد، لەوانەیە یەک لە هۆکارەکان ئەوەبێت کە یەکەم جار بوو لە مێژووی پەرتووکخانەی ئێمەدا بەرهەمێکی وا گشتگیر و گەورە لەسەر کرۆنۆلۆژیا بڵاوببێتەوە، هۆکاری دووەمیش کێشانەوەی بوو لە پەرتووکخانەکانی کوردستان و پاشان پێشەکییەکی نوێ بەبێ ئاگاداری من لەلایەن سەرۆکی ئەوکاتی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم شێرکۆ بێکەسەوە بۆی نووسراو و سەرلەنوێ خرایەوە ناو پەرتووکخانەکان".

هاوڕێ باخەوان دەڵێ، لە ساڵی 1999دا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان دا زۆر لەسەر (هاوڕێنامە) نووسرا "ئەگەر لە کولتووری چاپەمەنی ئێمەدا پەرتووکی ساڵ ببووایە، ئەوا هاوڕێنامە دەبووە پەرتووکی ساڵی 1999".

کاری تۆمارکردنی ڕووداوەکانی کوردستان لەلایەن هاوڕێ باخەوانەوە لە ساڵی 2009 دا گەیشتە ئەوەی کە دەست بکات بە پڕۆژەی (کوردیپیدیا) کە تۆمارێکی ئەلیکترۆنی ڕووداوەکان، چاپەمەنی و ئەرشیفیی کوردستانە.

هاوڕێ باخەوان چەندان پەرتووکی نووسیوە کە (کوردستان نیشتیمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە- 1996) و (ئاڵای کورد، بۆچی نا؟ تاکو کەی؟) دوو لەو پەرتووکانەن کە دەنگدانەوەیەکی زۆریان هەبووە.

هاوڕێ باخەوان سەبارەت هاوڕێنامە دەڵێ "جارێ سووری ژیانی هاوڕێنامە لای من کۆتایی نەهاتووە و هەردەم بەهۆی کوردیپیدیاوە خەریکی پووختەکردن و باشترکردن و زۆرترکردنی دەبم"، سەبارەت کوردیپیدیاش دەڵێ بەهیوای ئەوەیە "کوردیپیدیا بکەینە پڕ زانیاریترین سەرچاوەی کوردی و بانکی زانیاری نەتەوەیی کورد".

**بەشی بکە لە**

## کۆمێنتەکان

وەک میوان کۆمێنتێك بنووسە یان وەرە ژوورەوە و هەموو خزمەتگوزارییەکان بەکاربێنە

**کۆمێنتێک دابنێ**

ناوی تەواو

ئیمەیل

کۆمێنت

پشتڕاستی بکەوە

**دوایین هەواڵەکان**




(https://www.rudaw.net/sorani/culture/literature/23042025)

**گەزمی کەمال؛ گێڕانەوەی مێژوو بەتامی ئەدەبیات (https://www.rudaw.net/sorani/culture/literature/23042025)**



(https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/1004202523)

**بۆچی کتێبە ئایینییەکان زۆرترین فرۆشیان لە پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب هەیە؟ (https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/1004202523)**



(https://www.rudaw.net/sorani/culture/culture-style/06042025)

**یوسف زێدان: بەداخەوە ناچمە هەولێر (https://www.rudaw.net/sorani/culture/culture-style/06042025)**




(https://www.rudaw.net/sorani/culture/literature/02042025)

'خوێنی ئەرمەنی' لە پێشانگەی کتێب لە هەولێر بڵاودەکرێتەوە (https://www.rudaw.net/sorani/culture/literature/02042025)




(https://www.rudaw.net/sorani/culture/literature/25032025)

نەوا موکرجی وەرگێڕانی ڕۆمانێکی 639 لاپەڕەیی بە خۆڕایی دەخاتە بەردەستی خوێنەران (https://www.rudaw.net/sorani/culture/literature/25032025)

## هەواڵ دەخەینە گیرفانتانەوە

ئەپڵیکەیشنی رووداو دابەزێنە

(https://itunes.apple.com/us/app/rudaw/id630574728?mt=8)

(https://play.google.com/store/apps/details?id=com.borninteractive.rudaw)

نهێنیپارێزی

مەرجەکان

© مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ رووداو 2025